١ نیەت هێنان و(بسم الله)کردن وشۆردنی هەردوو لەپی دەست

دوای ئەوەی لەدڵمدا نیەتی دەست نوێژ دێنم ودەڵێم: (بسم الله) هەردوو دەستم دەشۆم تا مەچەك

((سێ جار))

٢ ئاوکردنە دەم ولوت و فڕیدانی(فنکردنی)

غەڕغەرە دەکەم (ئاو دەکەمە دەمم وجوڵەی پێدەکەم دوای فڕێی دەدەمە دەرەوە)، ئاو دەکەمە لوتم (بە بردنی ئاو بۆ لوتم) بەدەستی ڕاستم، وە (فنی دەکەم دەیکەمە دەرەوە لە لوتم (بە پاڵنانی ئاوەکە بۆ دەرەوەی لوتم) بە دەستی چەپم ((سێ جار))

٣ شۆردنی ڕوخسار

ڕوخسارم دەشۆم لە سەروی نێو چاوانەوە (تەوێڵ سەرەتای ئەو شوێنەی موی قژی لێهاتووە) تاوەکو کۆتایی چەناگە وە لە گوێچکەی ڕاستەوە بۆ گوێچکەی چەپ

((سێ جار))

٤ شۆردنی هەردوو دەست لەگەڵ هەردوو ئانیشك

دەستەکانم لەسەروی پەنجەکانەوە تائانیشکەکان دەشۆم

((سێ جار))

٥ مەسحی سەر لەگەڵ هەردوو گوێ

دەستی تەڕ ئەهێنم بە تەواوی سەرمدا لە پێشی سەرمەوە تا پشتەوەی (مەسحی دەکەم)، ئینجا دەستم ئەگێڕمەوە بۆ هەمان ئەم شوێنەی لێیەوە دەستم پێی کردبوو

((یەك جار))

٦ مەسحی هەردوو گوێچکە

ناوەوە ودەرەوەی هەردوو گوێچکەم دەسڕم بە پەنجەی گەورەم وپەنجەی دۆشاو مژە (پەنجەی شەهادە)

((یەك جار))

شێوازی دەستنوێژی پێغەمبەر
(صلى الله عليه وسلم)

له (حومڕان) خزمەتکاری عثمانی کوڕی عەفانەوە کە دەڵێت: بەراستی عوثمانم بینی ﷺ داوای دەفرێك ئاویکرد جا لە وەی کە لە دەفرەکەدا هەبوو کردی بەدەستیدا وسێ جار شۆردی، دوای ئەمە سێ جار ئاوی لە لوتی ودەمی وەرکرد دوایی فڕێیدایەدەرەوە (فنی کرد)، ئەمجار سێ جار ڕوخساری شۆرد، وە سێ جار بازوی شۆرد تا ئانیشکی، ئەمجار مەسحی سەری کرد (دەستی تەڕی هێنا بەسەریدا)، ئەمجار سێ جار قاچەکانی شۆرد تا گۆزینگ (قاپە ڕەقە)، دوای گوتی: "بینیم پێغەمبەر ﷺ وەك ئەم دەستنوێژەی کە من گرتم دەستنوێژی دەگرت"
[بوخاری گێڕاویەتەوە].

مكتبة الهمّة

دەوڵەتی ئیسلامی

جەمادی یەکەم 1436 کۆچی

٧ شۆردنی هەردوو قاچ لەگەڵ گۆزینگەکان

هەردوو قاچم لە سەرەتای پەنجەکانەوە
تا گۆزینگەکان دەشۆم
((سێ جار))

دوعای دوای دەستنوێژ

دەڵێم: أَشْهَدُ أَنْ لا إِلهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ، وأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَاً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ، اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ وَاجْعَلْنِي من المُتَطَهِّرِيْنَ

چەند تێبینیەکی گرنگ

- **تا ئانیشکەکان یان گوێزینگەکان واتا: لەگەڵ ئانیشکەکان ولەگەڵ گۆزینگەکان، جا پێویستە ئانیشکەکان بشۆردرێت لەگەڵ هەردوو دەستەکان وە گۆزینگەکان لەگەڵ هەردوو قاچ.**
- **پێویستە لەسەرم بە ڕیزبەندی ویەك لەدوای یەك دەست نوێژ بگرم، وەك چۆن لە وێنەکەدا ڕونکراوەتەوە، جا ئەندامێك پێش یەکێکی تر ناخەم لە ڕیز بەندیدا.**
- **پێویستە لەسەرم کە سوربم لەسەر گەیشتنی ئاو بە هەموو ئەندامێك لە ئەندامەکانی دەستنوێژ گرتن.**
- **سوننەت وایە کە یەکەم جار بە لای ڕاست دەست پێ بکەم پێش لای چەپ لە شۆردنی هەردوو دەست وهەردوو قاچم.**
- **سوننەتە کە دەستبهێندرێت بەناو پەنجەکانی قاچ ودەست (شۆردنی نێوان پەنجەکان).**
- **پێویستە لەسەرم پارێزگاری بکەم لە بەخشش ونیعمەتی ئاو، زێدەڕۆی نەکەم لە بەکار هێنانی ئاو.**